# کەرکوک لە چاپەمەنی تورکدا

بەکـــــر شــــــوانی
bschwani@hotmail.com

رۆژنامەکانی تورکیا ئەمڕۆ بەشی زۆری وتار و هەواڵەکانیان تەرخان کردووە بۆ باسی ڕزگار کردنی شاری کەرکوکی کوردستان. لە ڕاستیدا وەرگێڕانی ئەو هەمو باس و هەواڵە بۆ من کارێکی دژوار بوو، بۆیە وام بە باش زانی برێک لە نوسین و هەواڵەکانی ڕۆژنامەی "حوریەت" ئامادە بکەم بۆ ئەوەی ئێوەی بەڕێز باری سەرنجی ڕاگەیاندنی تورک لەمبارەیەوە بزانن.

ڕۆژنامەی "حوریەت" ٢٠٠٣/٤/١١

مانشێتی سەرەکی بە هێلی درشت:

## ئەگەر هێزتان نیە، با ئێمە بێین

پێشمەرگە چوونە کەرکوکەوە. بە هەزاران کوردیش ڕژانە کەرکوکەوە. وەزیری دەرەوە گویل، بەڵێنەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆلن پاول-ی بەبیر هێنایەوە و داوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی لە کەرکوک کرد و پێشنیازی ئەوەی بۆ ئەمەریکیەکان کرد کە: " ئەگەر ئێوە هێزتان نیە، با ئێمە هاوکاریتان بکەین."

مەمەد عەلی بیراند:

## ئایا تورکیا دەتوانێ بچێتە باکوری عێراقەوە؟

ئێمەومانان لەم کاتەدا ڕووی نیگاکانمان لە باکوری عێراقە. باشور و بەشی زۆری بەغداد لەژێر کۆنترۆڵی هێزی هاوپەیماناندایە، بەڵام دەوترێ لە کەرکوک و موسڵ بەرگری هەیە. تا ئەمڕۆ تورکیا بێ پسانەوە دەیگوت: " ئەگەر پێویست بکات دەچینە ناوەوە." تورکیا دوێنێ بۆ یەکەمجار مەرجەکانی چوونە ناوەوەی ئاشکرا کرد. ١- **ئەگەر کوردەکان پەلاماری تورکمان بدەن و دیمۆگرافی شارەکانی کەرکوک و موسڵ**

www.kurdistannet.org

**بگۆڕن، ئەوا هێزی چەکداری تورکیا دەست دەخاتە مەسەلەکەوە. ٢- ئەگەر کوردەکان بەڕێوەبەرایەتی لە کەرکوك و موسڵ دابمەزرێنن و ئەم شارانە بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، ئەوا تورکیا ئەمەش دەکات بە بیانوی دەستێوەردان.**

## با کۆمەڵکوژی ساڵی ١٩٥٩ی تورکمانەکان لەبیر نەکرێ

لە دیدار لەگەڵ تورکمانێکی کەرکوکیدا کە لە تورکیا دەژی:

- لە هەرێمەکەوە هەواڵتان پێدەگات؟
- ماوەی هەفتەیەکە تەلەفۆنم بۆ ناکرێ، بەڵام هەواڵی تاڵانکردنی دایەرەی تاپۆ زۆر گرنگە... کوردەکان لە ساڵی ١٩٩١یشدا دایەرەکانی فەرمیان تاڵانکرد. بە لۆری کورد بۆ کەرکوک و موسڵ دێنن. لە ڕادیۆیەکی عەرەبیەوە گوێمان لە کوردەکان بوو دەیانگوت: لە دوای ١٢ ساڵ بۆ سەر خاکی خۆمان دەگەڕێینەوە. لە ڕادیۆی بارزانی-ەوە بانگەوازی: " دەست بەکار بن بۆ گەڕاندنەوەی ماڵی زەوتکراومان لە کەرکوک" ڕادەگەنرێ. سرودی " وا هاتن پێشمەرگێن مە"ی شڤان پەروەر بڵاو دەکەنەوە. ئەمانە شتی گرنگ و جێی سەرنجن. لەوانەیە شەڕ لە نێوان تورکمان و کورد دا بقەومێ.

## تاپۆکان دەسڕنەوە

پێشمەرگە "هێڵی سور"ی تورکیان تێپەڕاند و دوێنێ چوونە کەرکوکەوە و یەکەم کاریان بریتی بوو لە تاڵانکردنی دایەرەکانی تاپۆ و نفوس. بە هەزاران کوردیش بە سواری ئۆتۆمبیل ڕوویان لە کەرکوک کرد و دەیانوت بە زەبری هێز ماڵی زەوتکراومان وەردەگرینەوە. ئەم دۆخە کە تورکیا هەر لە سەرەتاوە لێی دەترسا، هەبوونی تورکمانەکان دەخاتە مەترسیەوە.

## شادی و خۆشیی داگیرکردن

دوای ئەوەی کە دوێنێ بەیانی پێشمەرگە بە هاوکاری ئەمەریکا چووە کەرکوکەوە، ئێستا ئەو شارە لە جەژنێکی ڕاستەقینەدا دەژی. پێشمەرگەی ژن و پیاو گۆرانی دەڵێن و بە شەقامەکاندا خولی سەرکەوتن دەخۆن.

فاتیح ئالتایلی:

## هێڵە بە پەمەیی بووەکان

چەندین مانگ بوو تورکیا ئەمەریکای لە "هێڵە سورەکان" وشیار دەکردەوە. ئەو هێڵانە هەمووی پەیوەست بوو بە پێشهاتەکانی باکوری عێراق. جەختی لەسەر ئەوە دەکرا کە دەوڵەتێکی کوردی لە

هەرێمەکە دانەمەزرێ.... کوردەکان چوونە کەرکوکەوە و بە دەستی ئەنقەست دۆسیەکانی دایەرەکانی تاپۆ و نفوسیان گواستەوە. کوردەکان بەسەر یەکە بە یەکەی هێڵە سورەکانماندا باز دەدەن. تا چەندی تریش بازیان بەسەردا دەدرێ، ئەوا لەسەر ویژدانی ئەمەریکا ڕاوەستاوە. زۆر دژوارە تورکیا بتوانێ بچێتە هەرێمەکەوە، چونکە دەستێوەردانێکی وەها نەک تەنها دەبێتە هۆی تێکچونی پەیوەندی تورکیا و ئەمەریکا، بەڵکو دەبێتە هۆی شێوانی پەیوەندی لەگەڵ هەموو جیهانی ڕۆژئاوا. بۆیە ئێستا تورکیا هەنگاوی شایەن بە قبوڵکردن بۆ دواوە دەهاوێژێ و ڕەنگی هێڵەکانیشمان لە "سور"ەوە بۆ "پەمەیی" دەگۆڕین.

ئەرتوغرول ئویزکۆک:

## کورد و نەوت

من ئەم مانشێتەم پێشنیاز کرد: کورد و نەوت گەیشتنە یەک. دانی پیادەنێم ئەم دەربڕینە بەلای مرۆڤەوە هێندەی تۆقێنەرە هێندە کاریگەر نیە. بەڵام لە گاڵتە دەربچێت، ئایا ئەمە مێردەزمەی سەر سنگی ٥٠-٦٠ ساڵی ڕابردووی دیپلۆماسی دەرەوەی تورکیا نەبووە؟ واتە دەوڵەتێکی کوردی دەستگرتوو بەسەر نەوتی کەرکوکدا. دیمەنەکانی دوێنێ نیشاندەری ئەمە بوون. واتە ئەوەی لێی دەترساین قەوما. ئەدی ئێستا چی دەکەین؟

ئۆکتای ئەکشی:

## قسەی کێ دەردەچێ؟

هەواڵی چوونە ژوورەوەی کوردەکانی عێراق بۆ ناو شاری کەرکوک، دوێنێ گەرمترین بابەتی ڕای گشتی بوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕووداوە بە ئەرشیفی چەند مانگی ڕابردوودا چوومەوە بۆ ئەوەی بزانین چیمان لەمەڕ کەرکوک و موسڵ وتووە و چی قەوماوە. با لەسەرەتاوە بڵێم: ئەوەی بە ناوی تورکیاوە یان لێپرسراوانی تورکیاوە وتراوە، هیچی بەدی نەهاتووە. لەبەرامبەر ئەمەشدا هەرچی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و لێپرسراوە لەپێشەکانی کوردی عێراق وتویانە، هەمووی پێکهاتووە.

یالچین دۆغان:

## کەرکوک کۆ ٣٠٠ پلە

ئێستا گەورەترین مەترسی بەر دەرگای پێمان گرتووە: ئەویش ئەوەیە شەڕی عێراق بۆ تورکیا ببێت بە شەڕی باکوری عێراق!.. پێشمەرگەکان دوێنێ چوونە کەرکوکەوە. ئەوسا ئەنقەرە ئاسانکاری بۆ ئەمەریکا نەکرد و ئێستاش ئەمەریکا چاوپۆشی لە پێشمەرگە دەکات. ئەگەرچی ئەمەریکا بایدایەوە و



www.kurdistannet.org

**وتی ئەم بارە ڕاست دەکەینەوە، بەڵام تورکیا ئازاری پێدەگات و وا خەریکە گوێی لە زەنگی شەڕ دەبێت.**

---

# سکێچ:

**ئۆلۆرمو؟!**

ئا/ کوردستان نێت

**تێبینی: ناوەڕۆکی ئەم سکێچە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە کە مێژووی ڕوودانی بۆ "دوێنێ" دەگەڕێتەوە. "ئۆلۆرمو" واتە: ئایا دەشێ یان ئایا وا دەبێ؟!**

**شوێن:** ستۆدیۆی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی تورک

**ئەکتەرەکان:** بێژەرێک و کۆنە ژەنەراڵێک لە ستۆدیۆ و پەیامنێرێک لە کەرکوک. ژەنەراڵەکە لە قسە و لێکدانەوەکانیدا پێشبینی دەکات کە کوردەکان پەلاماری تورکمان بدەن و لە ناویان ببەن.

**بێژەر:** ببورە پاشام قسەکانت بە شەکر بن لە دەمتدا، پەیامنێرمان لە کەرکوک ڕاستەوخۆ لەگەڵماندایە.
ئۆکتای زوو بکە پێمان ڕابگەیەنە ئایا کوردەکان دەستیان کردووە بە هەڵمەتی لەناوبردنی تورکمانەکانی کەرکوک؟

**پەیامنێر:** (بە سەرسوڕمانەوە) تۆ دەڵێی چی کاکی خۆم؟! فەرموو سەیری ئەم دیمەنانە بکەن و ببینن چۆن کورد و تورکمان و ئاشوری و عەرەبی کەرکوک پێکەوە سەما دەکەن و ئاهەنگی ڕووخاندنی سەدام پیرۆز دەکەن.

**بێژەر:** ( بە بینینی دیمەکان چاوی دەپەڕێتە پشتی سەری و ڕوو لە کۆنە ژەنەراڵ دەکات و لێی دەپرسێ): شتی وا دەبێت پاشام؟!

**ژەنەراڵ:** (پاش کەمێک بێدەنگی لچی هەڵدەقورتێنێ و .......)
ئیدی منیش تاقەتم نەما و کەناڵەکەم گۆڕی. (نوسەر)

www.kurdistannet.org كوردستان نيت